ئەنجامەکانی خولی لاوان و تازەپێگەیشتووانی کوردستان

خەبات:زیاد: لەدرێژی یارییەکانی خولی تۆپی پێ بۆ یانە نایابەکانی کوردستان لە ئاستی لاوان و تازەپێگەیشتووان، لە جەولەی دەیەم 7یاری بەڕێوەچوو، ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێ تیپی لاوانی سەوزەی کەرکووک لە بردنەوەکانی بەردەوامەو لەم جەولەیەدا 2-1گۆڵ لەلاوانی کەرکووکی بردەوەو هەر لە پێشەنگ مایەوە، لاوانی هەولێریش بە3-1گۆڵ لە لاوانی نەورۆزی بردەوەو هاتە پلەی دووەم بە 19خاڵ، رکابەریش بەردەوامە لەنێوان لاوانی سیروانی نوێ و کەرکووک و هەندرێن بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە.

*** ئەنجامەکانی جەولەی دەیەم:** سەوزە 2-1کەرکووک، هەولێر 3-1نەورۆز، پێرس 5-0شێروانە، هەندرێن 2-0دهۆک.

*** ئەنجامەکانی تازەپێگەیشتوان:**
هەولێر 9-1پ.هەولێر، بروسک 1-1ئارارات، کەرکووک 0-0پ.سلێمانی، شێروانە 1-0دهۆک، سیروانی نوێ 2-1پێرس، خاک 1-2سەورە.

لە خولی ئیتالیادا.. رۆما هاتە ریزەکانی پێشەوەو ئەنتەریش لە پارێزگاریکردنی نازناوەکەی نزیک بۆتەوە

لەسەر یاریگای ڤیتۆرینیتنا رۆما زۆری ئازاری کێشا لەبەردەم یانەی ناوبراو، بەڵام هێرشبەری مۆنتینیگرۆ میرکۆ فۆسینیچ هەڵێکی زێڕینی قۆستەوەو تاکە گۆڵی سەرکەوتنی بۆ رۆما تۆمارکرد بەر لەکۆتایی هاتنی یاریەکە بە 8خولەک. کە لەتەواوی یاریەکەدا یانەی ڤیۆرنتینا کۆنترۆڵی یاریەکەیان کردو چەندین هەلی زێڕینیان لەدەستدا و نەیانتوانی گۆڵ تۆمار بکەن، بەم بردنەوەیە یانەی رۆما هاتە پلەی دووەم و بەجیاوازی 8خاڵ لەگەڵ یانەی ئەنتەر میلانی پێشەنگ دێت، لەلایەکی دیکەشەوە یانەی ئەنتەر میلان هەنگاو بەهەنگاو لە بەدەستهێنانی نازناوی ئەم وەرزەش نزیک دەبێتەوە دوای ئەوەی لە جەولەی 23ی خولی ئیتالیاشدا توانی بە 3گۆڵی بێ بەرامبەر لە یانەی کالیاری بباتەوەو بەتەنهاو بەبێ رکابەر لە پێشەنگدایە، لە بەرامبەریشدا یانەی ئەی سی میلان لەم جەولەیەشدا نەیتوانی سەرکەوتن تۆمار بکات کاتێک بە0-0 گۆڵ لەگەڵ یانەی پۆلۆنیا بەرامبەر بوو، بەم پێیەش یانەی میلان هاتەوە پلەی 3یەم و پلەی دووەمی لەدەستدا، ئەمەش نزیکەی 4یاریبە یانەی میلان نەیتوانیوە سەرکەوتن تۆمار بکات. ئەنجامەکانی دیکە

ئۆدینیزی3-1ناپۆلی، سامبەدۆریا 2-1سیینا، یۆڤنتوس 1-1لیڤۆرنۆ، بالێرمۆ 2-1پارما، جەنوا 1-0کیێڤۆ، کاتانیا 0-1لازیۆ، ئەتلانتا 1-0باری.

ئاراس عەزیز

ئایسینبایڤا زێڕی زستانەی رووسیا بەدەست دێنێت

کچە یاریزانی گۆڕپان و مەیدانی رووسی یلینا ئایسینبایڤا بووە خاوەنی میدالیای زێڕ لە پێشبڕکێی خۆڕفڕەدانی(زانا) لەمیانی خولی (زستانەی رووسی) بۆ گۆڕەپان و مەیدان کە لە مۆسکۆ بەڕێوەدەچێت. ئایسنبایڤا توانی بە بەرزی 4.85مەتر خۆی بەرز بکاتەوە، ناوبراو هەولیدا کە بۆ 5.01مەتر بەرز ببێتەوەو ژمارەی پێوانەیی ناو هۆڵە داخراوەکان بشکێنێت کە سالی رابردوو لە دۆنیتسکی ئۆکرانی تۆماری کرد بە 5مەتر، بەڵام لەدوای سێ هەوڵدان شکستی خواردو، میدالیای زیو و برۆنزی بووە بەشی هاوڵاتییەکانی یولیا گۆلۆبچکۆڤا 4.75و سیڤتلانا ڤیۆڤنۆڤا 4.60مەتر لەسەر یەک. لە خۆهەڵدانی بەرزیش دارایا کلیشینا بووە خاوەن میدالیای زێڕ کاتێک توانی 6.87مەتر خۆی بەرز بکاتەوەو پێش ئۆلگا کۆچۆرینکۆ 6.71و نانا نازارۆڤا 6.67مەتر کەوت. لە پێشبڕکێی 200مەتریش یلینابۆلسۆن میدالیای زێڕی بەدەستهێنا دوای ئەوەی ماوەکەی بە 23.87چرکە بڕی زیو برۆنزیش بووە بەشی هەریەک لە کاترینا فۆرۆنینکۆڤاو ناتالیا ئیڤانۆڤا.

کارزان سلێمان

کاردانەوەی ئیسپانیا و ئینگلتەرا و ئەڵمانیا دەربارەی راکێشانی تیروپشکی یۆرۆی 2012

نا:سدیقی گچکە

دوای ئەنجامدانی تیروپشکی پالاوتنەکانی گەیشتن بۆ کۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا، کە یەک شەمە 2010/2/7لە وارشۆی پایتەختی پۆلەندا راکێشرا، دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانی و بەڕێوەبەری هونەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا خۆشحاڵی خۆیان لەمبارەیەوە دەبڕی، بەپێی تیروپشکەکە، هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئیسپانیا کە خاوەن نازناوی یۆرۆی 2008، دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە، لەسەرووی گرووپی نۆیەم هاتووە، کە هەڵبژاردەکانی سکۆتلەندا و چیک و لیتوانیا و لیخشتنیشتاین لەخۆ دەگرێت، رادیۆی کادینا کڕپی کە لە شاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا پەخش دەکرێت رووندەکاتەوە بەوەی تیروپشکەکە باشە، لەبەر ئەوەی گرووپەکە بریتییە لە پێنج هەڵبژاردە، ئەمەش بەمانای کەمکردنەوەی ژمارەی یاریبەکان دەگەیەنێت، هەر لە رادیۆکە هاتووە هیچ هەڵبژاردەیەکی ئەم گرووپە نابنە گرفت لە پێش هەڵبژاردەی ئیسپانیا، لەبەرامبەریشدا ئیتاڵی فابیۆ کاپێللۆ کە راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرایە ئاگاداری هاندەرانی تیپەکەی کردەوە بەوەی بەچاوێکی نزم و سووک سەیری یاریبەکانی پالاوتن نەکەن لەبەرئەوەی ئاسان نییە، لە هەمان کاتیشدا کاپێللۆ دانی بەوەنا کە دەبوو تیروپشکەکە بۆ هەڵبژاردەکەی زیاتر گران بێت.

هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لە سەرووی گرووپی حەوتەم دێ، کە پێکهاتووە لە هەڵبژاردەکانی سویسراو بولگاریاو وێڵز و مۆنتینیگرۆ، کاپێللۆ گوتیشی: متمانەم بە یاریزانانی تیپەکەم هەیە، کە ئاستێکی بەرز لە پالاوتنەکان نیشان بدەن و بۆ کۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا 2012سەرکەوین، کاپێللۆ ئاماژەی بەوەشدا کە گرووپی یەکەم ئەڵمانیاو تورکیاو نەمسا و بەڵژیکاو کازاخستان و ئازەربێجان لە خۆ دەگرێت بەهێزترە لەگرووپەکەی ئینگلتەرا. دواجاریش گوتی: ئەوەی پێوستە بووترێ رووبەڕووبوونەوەی 3راهێنەری ئەڵمانییە، لەگرووپی یەکەمدا، ئەوانیش یواخیم لۆف راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو بێرتی فۆگتس راهێنەری پێشووی ئەڵمانیاو ئیستای ئازەربێجان و بێردن ستارۆک راهێنەری هەڵبژاردەی کازاخستان. لە لێدوانێکیدا لۆف رووندەکردەوە کەهەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو تورکیا پالێوراون بەوەی بگەنە کۆتاییەکان. لەدرێژەی لێدوانەکەیدا لۆف گوتی: بەرلەچەند رۆژێک گفتوگۆیەکانم لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیا دەربارەی نوێکردنەوەی بۆندەکەم تا کۆتایی مۆندیالی ئەمسااڵ دواخست، هەروەها گوتیشی: هەنگاوی یەکەمان جامی جیهانە، کە لەدوو مۆندیالی رابردوودا لەدەستمان چوو، ئێستاش پێویستیمان بەخۆ ئامادەکردنی زیاتر هەیە. لەلایەکی دیکە سەرەتا هەڵبژاردەی ئەرمینیا لەنێو تیپەکانی گرووپی یەکەمدا بوو، بەڵام دواتر بۆ گرووپی دووەم گواسترایەوە، لەبەر ئەوەی بەفەرمی لە حاڵەتی جەنگدایە لەگەڵ نازەربێجاندا، بۆیە لە پاڵ هەڵبژاردەکانی رووسیاو سلۆڤاکیاو ئێرلەنداو مەقدۆنیاو ئاندۆرا یاری دەکات، هەڵبژاردەی ئیتالیای پاڵەوانی مۆندیالی 2006ئەرکی گران دەبێت لە پالاوتنەکانی ئەورووپادا، کە بەپێی تیروپشکەکە رکابەری دەکات لەگەڵ هەڵبژاردەکانی سربیا، ئێرلەندای باکوور، سلۆڤینیا، ئەستۆنیا، دوورگەکانی فارۆ. شەش گرووپەکەی یەکەم پێکهاتووە لەشەش هەڵبژاردە، بەڵام 3گرووپەکەی دوایی پێنج هەڵبژاردە لەخۆ دەگرێت، یەکەمی هەر گرووپێک راستەوخۆ دەگاتە کۆتاییەکان، لەگەڵ باشترین هەڵبژاردەی دووەم لەهەر نۆ گرووپدا، بەڵام ئەو هەشت هەڵبژاردەیەی لە کۆتایی پالاوتنەکاندا بەدووەم دەردەچن، لەخولێکی یەکلاکەرەوەدا چوار هەڵبژاردە سەردەکەون، بەمەش ژمارەی هەڵبژاردەکان بۆ کۆتاییەکانی جامی ئەورووپا دەبنە چواردە هەڵبژاردە، هەروەها پۆڵەندەو ئۆکرانیا کە میواندارن بەبێ ئەنجامدانی پالاوتنەکان دەگەنە پالەوانێتییەکە، یاریبەکانی جەولەی یەکەمی پلاوتنەکان لە رۆژانی 3و 4ی مانگی ئەیلوولی ئەمسااڵ ئەنجام دەدرێت، جەولەی دووەمیش لە 7ی هەمان مانگدا بەڕیوەدەچێت، یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا (یوفا) رۆژانی 11و 12ی مانگی تشرینی دووەمی 2011بۆ یاریبەکانی قۆناغی چوون لە پاشکۆی یەکلاکەرەوە دیاری کردووە، یاریبەکانی هاتینش لە 15ی هەمان ئەو مانگەدا ئەنجام دەدرێت. شایانی باسە یۆرۆی 2012 دوا پالەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا دەبێت، کە کۆتاییەکان 16هەڵبژاردە لەخۆ بگرێت، ژمارەی هەڵبژاردەکان لە پالەوانێتی 2016زیاد دەکرێت و دەبێتە 24هەڵبژاردە، کە مانگی ئایاری داهاتوو بڕیاری لەسەر دەدرێت.

*** گرووپەکان:**
-ئەڵمانیا، تورکیا، نەمسا، بەلژیکا، کازاخستان، ئازەربێجان.
-رووسیا، سلۆڤاکیا، ئێرلەندا، مەقدۆنیا، ئەرمینیا، ئاندۆرا.
-ئیتاڵیا، سربیا، ئێرلەندای باکوور، سلۆڤینیا، ئەستۆنیا، دوورگەکانی فارۆ.
-فەرەنسا، رۆمانیا، بۆسنە، بیلاروسیا، ئەلبانیا، لۆکسمبۆرگ.
-هۆڵەندا، سوید، فنلەندا، مەجەر، مۆلدۆڤا، سان مارینۆ.
-کرواتیا، یۆنان، ئیسرائیل، لاتڤیا، جۆرجیا، مالتا.
-ئینگلتەرا، سویسرا، بولگاریا، وێڵز، مۆنتینیگرۆ.
-پورتوگال، دانیمارک، نەرویژ، قوبرس، ئایسلەندا.
-ئیسپانیا، چیک، سکۆتلەندا، لیتوانیا، لیختنیشتاین.

یاریبەکانی ئەمڕۆی خولی ئینگلیزی

مانچستەر سیتی×بۆڵتۆن، بۆرتسمۆس×سەندرلاند، ویگان×ستۆک سیتی کاتژمێر 10.45خولەک، فولهام×بیرنلی 11ی شەو.

REKLAM